# ینک و پدک ، بێکەر ـ هاملتۆنیشان خستە خزمەتی خۆیان .



حاجی ئەنوەر
٢٠٠٦/١٢/١٥

وا دووهەفتە دەبێت تەواوی باشوری کوردستان ، سەرقاڵی ئەو ڕاپۆرتەی دۆستی دڵسۆزی گەلی کوردە . زۆر بێمانایە مرۆڤ ئەوەندە گێل و نەفام بێت ئەمریکا بەدۆستی خۆی بزانێت . لەکاتێکدا لەسەرتاسەری دنیادا وەک هۆی کێشەکانی دنیا دەناسرێ ، بەرپرسانی ئەمریکا بەتایبەتی سەرۆکەکانیان ڕوویان کردوەتە کام وولات ، نارەزایی و ئالای ئەمریکا نەسوتێنرابێ ؟ . ئەمریکیەکان زۆر بەئاشکرا و بەبێ لەڕوودامان ، ووتویانە ئێمە دۆستی کەس نین و بەدوای بەرژەوەندی خۆمانین ، خۆ ئەوەندە دوورنیە کاتێک نەک دەستی بەڵکو زمان و چاو و گوێچکەی کوردیان بڕی و کردیانە قوربانی بەرژەوەندی ئەوکاتەی خۆیان ، وەڵامی نامەکەی سەرۆکی پارتی ( مەلا موستەفای بارزانی ) لەلایەن هێنری کیسنجەرەوە ، دواهەمین ئاگاداریەکی زۆر ڕوون ئاشکری بوو بۆ نەتەوەی بێ خاوەنی کورد .

ئەم هەرایەش ئەمڕۆ دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان دەیکات ، لەبەتەنگ هاتنیانەوە نیە بۆ کێشەی کوردستان ، بەڵکو چەواشە کردنی خەڵکی بشمەینەتی کوردستانە و ترساننیانە لە ڕوودانی کارەساتی گەورە ، تا لەو ڕێگەیەوە بۆ ماوەیەکی تر ئەو خەڵکە بێدەنگ و بێماف بکەن .

ئەگەر ینک و پدک ، ڕاست دەکەن و دڵسۆزن بۆ کورد وکوردستان ، بابێن ئەو دزییانەی کردویانە بیگێڕنەوە بۆ حکومەت بەئاگاداری خەڵکی کوردستان ، بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی دەوڵەت . جا ئەو کاتە چ ئەمریکا و وولاتانی دنیاش ناچاردەبن ئیعراف بە بوونی کورد وەکو دەوڵەت بکەن . ئاخر کوردستان هیچ سیمایەکی نەک دەوڵەتی پێوەدیار نیە ، بەڵکو واشێواندویانە ، ئەگەر دڵسۆزی و بەتەنگ هاتنەوەی خەڵکەکەی نەبێت هەر لەکۆمەڵگاش ناچێت . حکومەتێکی بێتوانا و نەشارەزا ، پەرلەمانێکی مەشلولی خەولێکەوتوو ، ژمارەیەکی یەکجارررررررر زۆری بەڕیوەبەرایەتی جۆراوجۆری بلّح ، هەر بەناو دەزگایەک لە ئاوازێک دەخوێنێ و ینک و پدکیش لەسەرووی خەڵک وبەناو بەرژەوەندی خەڵکەوە ، بەئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن .

دەک خەجاڵەت بن ینک و پدک بۆ زۆڵێتیتان ، لەم چەند ڕۆژەی کە تەواوی خەڵکتان مەشغول کرد بە لاپەڕەکانی ڕاپۆرتەکەوە ، خۆشتان لە مەشغولیدا ئاگاتان لە قنگی خۆتان نیە و خەریکی گرێبەستن لەگەڵ کۆمپانیاو و سەرمایەدارانی کەنداودا ، خۆتان چاک دەتانزانی نەک بێکەر وهاملتۆن بەڵکو

هەرکەسانێکی  تر ئەو ڕاپۆرتەیان بنوسیایە هەمان شت بەڵکو خراپتریان دەنوسی ، بێکەر یەکێکە لەو دەسەلاتدارە ئەمریکیانە کە سۆزی بۆ نەتەوەی کورد هەیە ، خەڵکی کوردستان باش بیریان ماوە  کە کاتێک ئێوە پێش ئەوەی بقوچێنن چەک وتەقەمەنیتان شاردەوە و ئاودیوی ئێرانتان کرد ئەوە جێمس بێکەر بوو سەدانی ئاوارەکانی کرد .            بۆ نەهاتن بەدزیەوە ، بۆ ئەوەی دڵی ئاغاکانتان گەرد نەیگرێ ،  لەڕێگای ڕێکخستنەکانتانەوە داوا لەخەڵکی کوردستان بکەن نارەزایەتی دەرببڕن ، بۆیە دەڵێم بەدزیەوە چونکە ئێوە چەندە قارەمان و ئازاو بەجەرگن بۆ کوشتنی ڕۆڵەی کورد و سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵکی داماوی کوردستان ، هەزار ئەوەندە ترسنۆکن بەرامبەر ناحەزانی کورد لە شۆڤێنیستانی  عەرەبەکانەوە بیگرە تا تورک و فارس و لەسەری ئەوانیشەوە دۆستەکانتان . خۆ هەمووومان چاکمان بیر دێت کاتێک کە سەدامی کۆنە ئەندازیار مابوو ، هەر کەدەیان ووت هات ، بەپەلە بانکەکانتان چۆڵ دەکردو دەتان قوچاند و خەڵکی سڤیلتان دەکردە قەڵغانی خۆتان ، ئاخر کەسێک هەیە ئەو ڕۆژەڕەشانەی بیر چوبێتەوە ڕێگەتان لەجەماوەر دەگرت تاخۆتان دەرباز دەکرد بۆ مەرزەکان و لەوێش دوکان و بازاڕەکانتان و گومرگەکانتان دەخستەوە گەڕ ؟ .

ئێوە تا ئەم چرکەیەش هەر خەریکی سەفاو مەڕوای بەغدادن ، بەلام بۆ کێشەی کورد نا بەڵکو بۆ وەرگرتنی ٨% ی میزانیە کە وەک خۆتان دەڵێن ١٧% یە  ، بەلام ئەوەندە لاوازن بهرانبوە ناحەزانی کوەد بە  هەموو شتێک ڕازی .